www.kurdistannet.org
4-10-2006 23:48 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

مەهزەلەی هەڵبژاردنەکانی ناو یەکێتی ... مەلا بەکر

هەڵبژاردنی ئۆرگانەکانی رێکخستنی یەکێتی نە مانای دیموکراسی تیا نەبوو بگرە دیموکراسیشی لە گۆڕنا، ئەم پرۆسەیە هێندە دواکەوتوانە مامەڵەی لەگەڵ کرا، ململانێکی ئەقڵی گواستەوە بۆ ململانێی عەشایەری و کرینی دەنگ و جۆرێکی لە دروستکردنی جاشایەتی نوێ، جاری وا هەبووە دەنگێک بە پارەیەکی زۆر کڕاوە، یان خاوەن دەنگ موزایەدەی کردووە و کێ زۆرتری داوەتێ دەنگی بەو داوە.
ئەو دیاردە دزێو و ناشیرینانەی لەم پرۆسەیەدا رویدا، تەئسیرێکی خراپی لەسەر کۆمەڵگاش دائەنێت و لە ژێرەوە هەموو قەناعەتی فیکری و شەخێی هەڵوەشاندەوە، لەباتی نوێبونەوەی رێکخستنەکان خەڵکانی هەلپەرست و مشەخۆر هاتنە پێشەوە کە یەکێتی بەرەو هەڵدێر دەبات. لەهەندێک ناوچە کۆنە موستەشار و سەرۆک عەشرەت تەداخولی کردووە و تەئسیری داناوە بۆ دیاری کردنی کاندید، لایەنەکانی تری کوردستانیش بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆی نارەاستەو خۆ تەداخولی کردووە بۆ بەرژەوەندی لایەک، هێندە پارە لەم پرۆسەیەدا بۆ کڕینی دەنگ سەرفکراوە ئەگەر کۆبکرێتەوە باشترین پرۆژەی خزمەتگوزاری پێئەکرێت. سەرڕای ئەوە یەکێتی لەم ململانێدا گەڕایەوە سەر چەمکە دواکەوتوەکانی کۆمەڵگا و بەزۆر ئەندامان سوێند و تەڵاق دەدرێن و نەک کۆیلە بوونی دەنگدەر ئەچەسپێ بەڵکو ژنەکەشی ئەبێت کۆیلەی دەستی تەکەتول بێت بەتەڵاقخواردن. پرۆسەیەک بەم ئاقارەدا بڕوات ئەبێت فاتیحا بۆ یەکێتی و کۆمەڵگای مەدەنی دابدەین.